کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی رۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 15-11-2007 22:13

**ئۆپۆزسیۆنی لەنێوان كوردی رۆژهەلات و باكور و رۆژئاوا ... فەرەیدوون عەبدوڵا زادە**

مێژووی دروست بوونی ئۆپۆزسیۆن بۆدوای دروست بونی حكومەتەكان و دروست بونی سەركردەو و پەیدابونی زوڵم دەگەرێتەوە لەوانەیە لە دروست بونی یەكەمین خێزانەوە ئۆپۆزسیۆنیش دروست بووبێت ئەویش بەمەرەمی ئەوەی كە گرۆپێك یان كەسێك بەبریارەكانی یان ستەمەكانی سەروی خۆی رازی نابێت و یاخی دەبێت ئیتر ئەو یاخی بونە دواجار بەپێی رێبەرانی یاخی بوان و ئەو ئەجێندایەی هەڵیان گرتووە پەرە بە یاخی بونەكەیان دەدەن تاوئەوكاتەی دەرفەت دێتە پێش و حكومەتە ستەمكارەكە لەناودەچێت، بەڵام لە هەموو ماوەی یاخی بونەكان دا پەیتا پەیتا هێرشی لەناكاو دەكرێتە سەر دەسەلاتی ستەمكار وە دواجار یاخی بونەكە دەچێتە قالبێكی شۆرش گێریەوە و راپەرین و روخانی دەولەتی لێدەكەوێتەوە ئەمەش بەدرێژای مێژوی رۆژهەڵات بەگشتی و دەولەتانی رۆژهەڵاتی ناوین بونی هەبووە چونكە هەمیشە حوكمی چەك و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و ئاینی و مەزهەبی بونی هەبووە هەیە كە لە ئێستاماندا یاخی بونی كورد لە ولاتانی ئێران و توركیا و سوریا باشترین نمونەن، هەرچەندە ئێستا شۆرش و یاخی بوون بەرگێكی جیاتری بەخۆیەوە گرتووە و بەهۆی پەتای شەری تیرۆرەوە چۆتە هەمان قاڵب و هەمان پێناسی بۆ دەكرێت، وێرای ئەوەی كە نەبونی پێناسێكی دیاری كراو بۆ تیرۆر زیانی یەكجار گەورەی بە شۆرشی رزگاری خوازی كورد لە رۆژهەلاتی ناوین گەیاندووە وە بەهۆی گوشاری دەوڵەتی توركیە شۆرشگێرانی كورد لە باكوری كوردستان خراوەتە چوارچێوەیەكی تیرۆرستیەوە كە هیچ شتێك هێندەی ئەم بریارە زیانی بە شۆرشی كور نەگەیاندووە چونكە بەهۆی ئەو چوار چێوە تازەیەی كە تیرۆر بەخۆیەوە گرتووە زۆربەی وڵاتانی دیموكراتی خواز و پێشكەوتوو ناچار دەكات كە دژی شۆرشی نەتەوەی كورد لە باكور بوەستنەوە و بە گرپێكی تیرۆرستی ناوزەندیان بكەن، بەچاوپۆشین لە مافی گەلی ستەم دیدەی كورد لەو وڵاتە كە تائێستاش وە لە سەردەمێك دا كە توركیا بەنیازە ببێتە ئەندام لە یەكێتی ئەوروپا ناتوانن بە زمانی دایكی خۆیان بخوێنن و ناوی كلتور و نەتەوەكەی خۆیان بهێنن.

لێرەدا باسەكەی ئێمە بەراوردكاریەكە لەنێوان ئەو ئۆپۆزسیۆنەی كە لە نێوان هەرسێ ولاتی ئێران و توركیە و سوریە دروست بووە و دەیان ساڵە بونی هەیە و لە شێوەی چەكداری دا یان كۆمەڵەی رۆشنبیری ناوبەناو بونی هەبووە.

سەرەتا بەپێویستی دەزانم ئامازەیەك بە شۆرشی كورد لە رۆژهەڵات بدەم، كوردی رۆژهەڵات لەگەڵ كوردی باشوردا گەر زوتر نەبێت رەنگە درەنگتر نەبێت، دەستی بەخەبات دژی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكانی ئێران جەنگی وە و كەم تازۆر ئاكامی هەبووە هەرچەندە بارودۆخی كوردی رۆژهەلات گەلێك لە بارودۆخی كوردی باشور جیاوازتر بووە بەوەی تا ساڵی 1920 كوردی باشور سەربەخۆ بوون نەخرابونە سەر عێراق جگەلەوەش حكومەتی عێراق هەرگیز بە هێزی ئەوتۆی نەبووە كە بتوانێت شۆرشەكە لەناو ببات جگە لە سەردەمی سەدام حوسەین كە دواجار بە زلهێزترین وڵاتی جیهان روخێنرا و كوردەكانی ئەو وڵاتە لەلایەن ئەمریكاوە پارێزران نەك خۆیان، بەڵام لە ئێران هەمیشە شۆرش و كودەتا حكومەتەكانی ئێرانی روخاندووە وە دەولەتی ئێرانی مێژویەكی دورودرێژی هەیە و خاوەن جوگرافیایەكی و توانایەكی سەربازی یەكجار گەورەیە كە تەنانەت ئەمریكاش سڵی لێدەكاتەوە.

بەڵام شۆرشی كورد لە رۆژهەڵات بێئلكان نەبووە و بەرهەمی باشیشی هەبووە دیارترینیان دروستبونی كۆمارێكی سەربەخۆیە لە مهابات بەڵام بەهۆی ئەوەی كە ئەمكۆمارە لەلایەن عەمامە بەسەر و مەلاكانەوە رێبەری دەكراو عاتیفە تیایدا بالادەست بووو نەك مەنتیق و پلان و ئەجێندای جیهانی بۆیی زۆری نەخایاند ئەو حومەتە لەبن دەرهات و ئیتر لەو كاتەوە كوردی رۆژهەلات نەیتاوانیەوە خۆی رێكبخاتەوە و بێتەوە مەیدان تەنانەت لەوكاتەنەش كە حكومەتی شا لەناوچوو كوردی رۆژهەلات

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نەیتوانی لەو مەیدانەدا ئەسپی خۆی تاوبدات بویەوە پاشکۆ و بێ ئاکام دەرچوو، بەڵام لەدوای دروست بونی حوکمی خۆجێ کورد لە عێراق کوردی رۆژهەلات دەستیان بەشۆرش کردەوە و چەندان زەبری کوشندەیان لە ئێران وەشاند نزیك بوو شۆرشێك لەولاتە بەرپا ببێت کە ئەوکات خانەوادەکەی ئێمە و چەندان خانەوادەی تری کورد هاتنە نێو شۆرشەکە و ئومێدێکی زۆریان بەو شۆرشە هەبوو چونکە ئەو شۆرشە ترسی زۆر بۆ ئێران دروست کرد بوو بەلام مەخابن ئیتلاعات و دەزگا سیخوریەکانی ئێران زوو خزانە نێو دەسەلاتە خۆجێییەکەی بارزانی و تالەبانی وپەیتا پەیتا بۆ لەنابردنی یەکتر هەریەکەیان دەستیان لەگەل ئێران و تورکیا تێکەل کردو چەندین پایەبەرزیان بونە پیاوی ئەو دوو ولاتە بۆیە ئەزمونی ئۆپۆزسیۆنی کوردی رۆژهەلات زوو کۆتای پێهات و لەشاخ هاتنە خوارەوە و دەستیان لە خەباتی چەکداری هەلگرت بەبیانوی پاراستنی ئەزمونی کوردی باشور بەلام ئەو هەلەیەی کە کوردی رۆژهەلات کردی بە دەیان سالی تر سارێژ نابێتەوە ئەگینا لە وەها کاتێك دا ئەگەر ئۆپۆزسۆنێکی بەهێزی کوردی رۆژ هەلات بونی هەبوایە هەم لە روی سەربازی و هەم لەروی ئەجێنداوە دەبووە باشترین پشتگیری کەری ئامریکا و دەکرا هەمان ئەزمونی عێراق دووبارە ببوایەتەوە بەلام ئێستا ئۆپۆزسیۆنی کوردی رۆژهەلات هێندەی بە ململانێی نێوخۆیەوە خەریکن، کە گومانی تێدانیە دەستی ئیتلاعاتی تێدایە، هێندە بە خەمی گلەکەیان لە ئێران دا نین وەك ئۆپۆزسیۆن کۆتاییان پێهاتووە هەبونی بالێکی پەکەکە بەناوی پژاك ناتوانێت هەرگیز تەعبیر لە خەمەکانی کوردی رۆژهەلات بکات چونکە ئەجێندای پژاك کە روون نیە زیاتر لە ئەجێندایەکی دروستکراو یان کۆپیی کراو دێتە بەرچاو، هۆکاری لاواز بوونی پارتە کوردیەکانی رۆژهەلات لە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنەوە بۆ هێزێکی پەرت پەرت بوو وە لاواز و بێ پلان تەنها کوردەکانی عێراق و خۆش باوەری ئەو هێزانە خۆیانن.

هەرچی ئۆپۆزسیۆنی کوردیە لە تورکیە و سوریە یە بەرو پیچشتر دەچێت بەتایبەت ئەوەی لە تورکیە چونکە پەکەکە، هەرچەندە لەتبون لە بالی پەکەکەش دا دروست بوو، هەرگیز باوەری بە کوردیس باشوور نەهێناو ئامادە نەبوو واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت چونکە کێبکێی دیموکراسی و مەدەنی ئەوکات دەست پێدەکات کە ئەو هێزانە چ لە رووی جەماوەری و لەرووی چەکداریشەوە لەیەك نزیك بن ئەو کات دەتوانن کێبرکێی دیموکراسیانە بکەن وەك ئەوەی کە لە کوردستانی باشور لە بارامبەر شیعە و سونەی عەرەب دا دەیکەن چونکە ئێستا هێزی کوردەکان لە باشوور گەر لە شیعە و سونە بەهێزتر نەبێت لاوازتر نیە لەگەل ئەوەش دا چاوەرێدەکرێت رووبەروبونەوەی سەخت لەمەر کێشەی کەرکوك لەنێوان کورد و عەرەب دا دروست ببێت ئەوەشی کە عەرەبی عێراقی وەك نوسینی سەر کاغەز قبولی کردووە بۆ کوردی باشور تەنها لەبەر ئەوەیکە خاوەن هێزێکی ئەوتۆ نین کە رووبەروی کوردەکان ببنەوە، بەلام ئەم ئەزمونە هەرگیز لە باکور نایەت گۆرێ چونکە تۆ لەباکور بەبێ بونی هێزی سەربازی و سەرچاوەی دارای هەرگیز کێبرکێی تورکەکانت پێناکرێت ئەزمونی چەندین سالەش ئەوەی سەلماندووە، ئەوەی کە تورکیای تەنگەتاو کردووە و فشار دەخاتە سەر کوردی بلشوور تەنها بۆئەوەی کە پەکەکە بەهەمان دەردی کوردی رۆژهەلات بەرێت و بێهێز و دەستەمۆیان بکات، بۆیە ئەزمونی ئۆپۆزسیۆن لە نێوان رۆژهەلات و باکور بەتایبەتی لە دوو دۆخی جیا دایە، چونکە گەر لە رۆژهەلات ئۆپۆزسیۆن بونی هەبوایە ئێستا خاوەن جەماوەری خۆی بوو وە ئامریکاش هیچ کات لەبەر ئێران ئامانەبوو بە تیرۆرست ناویان ببات وەك ئەوەی لە دژی پەکەکە کردی بۆیە وازهێنان لە خەباتی چەکداری لە رۆهەلات جگەلە تاکتیکێکی پارتەکەی بارزانی و تالەبانی بۆ دل راگرتنی ئێران هیچی تر نەبوو.

/ مانچستەر (ئینگلترا)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.